Kurdish Sorani

# دەستکەوتنی خانوو

1) (یۆر چۆیس هۆمز) هاوبەشییە لە نێوان شارەوانی نیووکاسڵ، یۆر هۆمز نیووکاسڵ وە کۆمەڵەکانی نیشتەجێکردن. ئێمە دەتوانین یارمەتیتان بدەین لە دۆزینەوەی خانوو بۆتان لە نیووکاسڵ.

2) هەرکەسێک تەمەنی لە 16 ساڵ زیاتر بێت دەتوانێت ببێتە ئەندامی (یۆر چۆیس هۆمز). مەرج نیە تۆ لە نیووکاسڵ دا بژیت وە گرنگیش نیە لە چ جۆرێك خانوودا دەژیت.

3) ئەگەر پێت باشە ئەوا دەبێت بەستەکێکی داواکاری وەربگریت. دەتوانیت بە تەلەفون دانەیەکت دەست بکەوێت یان خۆت بە دەستی وەریبگریت.

4) کاتێک داواکاریەکەت پێشکەش دەکەیت، ئێمە لە ماوەی پێنج رۆژی کاردا ناونووست دەکەین. پاشان نامەت بۆ دەنێرین کە تیادا پێت دەڵێین کە ناوت تۆمار کراوە وە ژمارەی تۆمارەکەت دەدەینێ کە بەکاری دەهێنیت کاتێک لەسەر خانوو مەزاد دەکەیت.

5) ئێمە لەو زانیاریانە وورد دەبینەوە کە تۆ دەیدەیت پێمان بۆ ئەوەی دڵنیا ببین لەوەی شیاویت بۆ (یۆر چۆیس هۆمز). پێویستە بزانین تۆ کێیت وە ئایا مەرجی خانوو وەرگرتنت تێدایە یان نەء.

6) ئەگەر بڕیارمان دا کە شیاو نیت، ئەوا بۆت نیە مەزاد بکەیت لەسەر خانوو. ئێمە نامەت بۆ دەنێرین و تیایدا بۆت باس دەکەین بۆچی بە ڕای ئێمە تۆ شیاو نیت وە دواتر دەتوانیت چی بکەیت .

7) ئەگەر بەلاتەوە وایە کە پێویستە بە پەلە بگوێزیتەوە، ئەوا پێمان بڵی کاتێک داواکاریەکەت پێشکەش دەکەیت. لەوانەیە بتوانین بتخەینە پێشتر وە یەکەم خانووت پێ بدەین.

8) هەموو ڕۆژانی سێشەممە خانوەکان ڕێکلام دەکرێن لە ڕۆژنامەی (ئیڤنینگ کرۆنیکڵ) دا هەروەها لە پۆستەرەکان و لە دوکانەکانی خانووبەرە ، ئۆفیسەکانی نیشتەجێکردن وە لە شوێنی دیکەشدا. ئێمە پێت دەڵێین خانوەکە چەند ژووری نووستنی هەیە، کرێکەی چەندە وە چی تێدایە.

9) هەندێک جار خانوویەک شێوازی تایبەتیی تێدایە، وەک ئاخۆ بۆ منداڵ وە یان گیانداری ماڵی دەگونجێت. پێویستە بزانیت ئاخۆ خانووەکە بۆ تۆ دەگونجێیت.

10) ئەگەر ئارەزووت لە خانووەکە هەیە، ئەوا دەشێت لەسەری زیاد بکەیت. دەتوانیت لە هەفتەیەکدا لەسەر هەتا سێ خانوو زیاد بکەیت. ماوەت هەیە هەتا نیوەڕۆی دووشەممە مەزاد بکەیت.

11) دەتوانیت بە ڕێگای جیاواز مەزاد بکەیت. بۆ نموونە دەتوانیت بە تەلەفون پەیوەندیمان پێوە بکەیت وە یان بچیت بۆ دوکانەکەی خانووبەرە.

12) لەماوەی شەش ڕۆژدا پێت ڕادەگەیەنین ئەگەر مەزادەکەت سەرکەوتوو بوو. ئەگەر سەرکەوتوو نەبوویت ئەوا تکایە دیسان هەوڵ بدەرەوە.

13) ئەگەر خانووت بۆ دانرا، ئەوا دەتوانیت بچیت بۆ تەماشای پێش ئەوەی بریار بدەیت کە دەتەوێت. ئەگەر حەزت لێی بوو، ئەوا ئێمە ڕۆژێکت بۆ دادەنێین بۆ ئیمزاکردنی گرێبەستی کرێچیتی وە بۆ گواستنەوە بۆ خانوەکە. ئەگەر بڕیارت دا ئەو خانووە بۆ تۆ ناگونجێت ئەوا بۆت هەیە وەری نەگریت.

14) ئەگەر بڕیارەکەی ئێمەت بەدڵ نەبوو ئەوا دەتوانیت داوای پێداچوونەوە بکەیت. ئەوسا ئێمەش چاو دەخشێنینەوە بە کەیسەکەتدا.

15) ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەبوو لە هەر بەشێکی کردارەکە، ئێمە لێرەین بۆ یارمەتیدانت.

16) بۆ نموونە، ئەگەر تەمەنت لە خوار 18 ساڵ بێت وە یان پشتگیریت پێویست بێت ئەوا کارمەندی ئامۆژگاریی ڕێڕەو و یارمەتیدان وە یان ئەندامێکی تیمی ناوهێڵ یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی لە ماڵە تازەکەتدا جێگیر ببیت.

17) وە ئەگەر موتەرجیمت پێویست بێت یان پێویستت بە نووسینی تایبەت بە کوێران یان نووسین بە پیتی گەورە هەبێت ئەوا ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین.